# ئەگەر سەر نیت، کلکیش مەبە!

**حەمەسەعید حەسەن**

گومانتان لە هەر کەسێک هەبوو، بیکوژن، ئەگەر تاوانبار بوو، ئەوە هەقی خۆیەتی، ئەگەر بێتاوانیش بوو، دەچێتە بەهەشت. زەرقاوی

عێراق سەددامی لێ کەوتەوە، ئەو سەددامەی کە بە حەق وەچەی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی بوو، ئەو حەجاجەی کە خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لە بارەیەوە دەڵێت: (ئەگەر لەسەر ئاستی دنیا پێشبڕکێی هەڵبژاردنی بەدکارترین ئینسان بکرێت و حەجاجیش، نوێنەری ئوممەتی ئیسلام بێت، ئەوا هیچ گومانی ناوێت، ئوممەتی ئیسلام دەیباتەوە.)

چوار مانگێک بەر لە ئێستا ئەنساری ئیسلام بە نامەیەک کە بە هۆی پۆستی ئەلکترۆنییەوە ناردبووی، هەڕەشەی کوشتن لە د. سەیید قەمەنی کە شارەزای بواری مێژووی ئایینی ئیسلامە، دەکات، ئەویش لە ترسی گیانی خۆی، دەستبەرداری نووسین دەبێت، لە هەموو بیروراکانی کە لە کتێب و نووسینەکانیدا دەری بریبوون پاشگەز دەبێتەوە و تۆبە دەکات. چوار ساڵێک بەر لە ئێستا سایتی ئەنساری ئیسلام، دە دوازدە ڕۆژێک لە دەستپێکی سایتەکەیدا، وێنەیەکی گەورەی منی کە خەنجەرێکیش بە نێوچاوانمەوەیە و خوێنی لێ دەچۆڕێت، دابەزاندبوو، لە ددانپێدانانەکانی گرووپەکەی شێخ زانایشدا، بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لە سەرم، ناوم هاتبوو.

(حەقیقەت، ئاگرە و ڕووناکی، هەندێک دەسووتێنێت و بەرچاوی هەندێکی دیکە ڕۆشن دەکاتەوە.) زۆر بە ژیانەوە پێوەستم و قەت بیرم لە خۆکوشتن نەکردووەتەوە، وەلێ لە هیچ ڕستەیەک و گوتەیەکی خۆم پاشگەز نیم، نیازیشم وایە تا دەستم قەڵەم بگرێت و تا زمانم گۆ بکات، هەر لەسەر نووسین و گوتنی ئەو شتانەی پێم وایە پێویستە بنووسرێن و بگوترێن، سووربم و ئەوی گوێی پێ نەدەم، هەڕەشەی وەچەی حەجاج بێت.

*

هیندستان یەک وڵات بوو، ئینگلیزی داگیرکار، بۆ ئەوەی ئاشتی قەت لەو ناوچەیە سەقامگیر نەبێت، کردی بە سێ لەتەوە، (هیندستان، پاکستان و بەنگلادیش.) لە نێوان و دەوروبەری دیجلە و فوراتدا سێ (وڵات) هەبوون، (کوردستان، سوننەستان و شیعەستان،) ئینگلیزی داگیرکار، بۆ ئەوەی خەڵکانی ئەو دەڤەرانە، هەر لە ئاشووبدا بژین، لەو سێ ویلایەتە، (موسڵ، بەغدا و بەسرە،) وڵاتێکی دروست کرد و ناوی لێ نا عێراق! ئینگلیز کە داهێنەری سیاسەتی (پەرت کە، زاڵ بە)یە، لە بەختی کەچی کورد، تاقە یەک جار، ناپاکی لەو دروشمە دێرینەی خۆی دەکات و سیاسەتی (یەک بخە، زاڵ بە،) ڕەچاو دەکات!

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٥/٨/٦دا، لە پەرلەمانی کوردستاندا بەڵێنی دا، سازش لەسەر ناسنامەی

عێراق نەکات و کردی.(١) سۆزی دا، سنووری جوگرافیای کوردستان یەکلایی بکاتەوە و نەیکرد. گفتی دا، کارێک بکات دەرامەتی نەفتی کەرکووک بکەوێتە ژێر دەستی کوردەوە و نەکەوت. پەیمانی دا، ماددەی ٥٨ جێبەجێ بکرێت و نەکرا و بۆ دوو ساڵی دیکە دوا خرا. قەراری دا، مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد، بخاتە نێو دەستوورەوە و نەیخست.(٢) تاقە بەڵێنێک کە پێی داین و بەجێی گەیاند، هەناردنەوەی ڕەشنووسی دەستوورەکە بوو، بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، تا پەرلەمانتارانی کورد، وەک ئیدمانیان لەسەر کۆدەنگی کردووە، بە کۆی دەنگ پەسەندی بکەن.

دەبوو عێراق، عێراقێکی فیدرال بێت و لە ڕەشنووسی دەستووری عێراقدا، وشەی فیدرال نەهاتووە! (عێراق دەوڵەتێکی نیابی ئیتیحادییە.) لە ماددەی یەکی دەستووردا، لەبری نیابی، لە نێو دوو کەواندا (پەرلەمانی،) نووسراوە، کەچی لەبری ئیتیحادی، نەنووسراوە (فیدرالی.) لە ماددەی هەشتدا، عێراق، یەک خاک و یەک گەلە، نەک دوو خاک و دوو گەل، کە ئارەزووومەندانە یەکیانگرتبێت، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی عێراق وڵاتێکی فیدرال نییە.

بەعسیش، گفتی دا لە ماوەی چوار ساڵدا، بەیاننامەی یازدەی ئاداری ١٩٧٠ جێبەجێ بکات و نەیکرد. گەرەنتی چییە دوو ساڵی دیکە، کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی هەرێم، بە کوردستانەوە پێوەست دەبنەوە؟ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شیعە و سوننە بەهێزتر و کورد لاوازتر دەبێت، ئەمە بێجگە لەوەی ئەگەری ئەوە هەیە، ئەمریکا لە عێراق بکشێتەوە، ئایا ئەو مافەی شیعە و سوننە لە سەروەختی لاوازییاندا پێمانی ڕەوا نەبینن، کە بازوویان ئەستوورتر بوو، پێمانی ڕەوا دەبینن؟ ئایا کورد ئەگەر توانای ئەوەی نەبێت، سنووری باشووری کوردستان لە عێراقێکی داگیرکراودا دەستنیشان بکات، توانای ئەوەی دەبێت، لە عێراقێکی ئازاددا بیکات؟

ئەزموونی وڵاتانی ئیسلامی پێمان دەڵێت: کە ئیسلام ئایینی فەرمی دەوڵەت بێت و سەرچاوەیەکی بنەڕەتیش بێت بۆ دارشتنی یاساکان، ئیدی باسکردن لە دیموکراتی، ئازادی و مافی مرۆڤ، لە فریودانی خەڵک زێتر، هیچی دیکە نییە. کە شەریعەت سەرچاوەی تەشریع بوو، ئیدی شەعب چۆن دەتوانێت، سەرچاوەی دەسەڵات بێت؟

بە پێی ئەو دەستوورەی شاندی کورد و پەرلەمانی کوردستان پەسەندیان کردووە، کۆماری عێراق بە جوگرافیا و دیرۆکەوە، بە خەڵک و بە کولتوورەوە، بەشێکە لە ئوممەتی ئیسلام! ئەدی قەرار نەبوو، باشووری کوردستان پێش هەمو شتێک، بەشێک بێت لە کوردستانی گەورە؟ بەشێک لە خەڵکی کوردستان بروایان بە هیچ ئایینێک نییە، بەشێکی دیکەیان سەر بە ئایینگەلی غەیرە ئیسلامن و بەشێکی تریشیان عەلمانین و دژی ئەوەن، ئایین دەست لە بینی دەوڵەت گیر بکات، ئایا کە هەموو ئەو بەشە گرنگانە، دژی خواستی خۆیان، مۆری ئوممەتی ئیسلامیان لێ درا، ئیدی باسکردن لە پاراستنی ئازادیی بیرکردنەوە و ویژدان و ئایین، لە گاڵتەکردن بە ئاوەزی دیان، ئاتەیست،(٣) ئێزدی، کاکەیی، سوببی و جوو، بترازێت، هیچ لێکدانەوەیەکی دیکە هەڵدەگرێت؟

بە گوێرەی شەریعەت، سزای ئەوی لە ئایینی ئیسلام هەڵبگەڕێتەوە، سەربەڕاندنە،(٤) بۆیە ئەوانەی بە هیوای

ئەوەن لە سایەی ئیسلامدا بە ئازادی بژین، لە وەهمدا دەژین. ئیسلام نەک هەر دژی (فیکر)ی ئازادە، بەڵکوو دژی (خەیاڵ)ی ئازادیشە، ئەوە نەبوو لە سەر (ڕۆمان)ێک، ئاخر ڕۆمان بەرهەمی خەیاڵە، خومەینی خوێنی سەلمان ڕوشدیی حەلاڵ کرد؟

ماددەی دوازدەی دەستوور دەڵێت: (دەوڵەت مافی ئەوەی نییە، دەست بخاتە نێو کاروباری مەرجەعی باڵاوە.) کە هەق بوو بڵێت: (مەرجەعی باڵا مافی ئەوەی نییە، دەست بخاتە نێو کاروباری دەوڵەتەوە.) ئاخر لەوساوە، بەعس هەرەسی هێناوە، ئەوە مەرجەعی باڵا بووە، دەستی خستووەتە نێو کاروباری دەوڵەتەوە، نەک بە پێچەوانەوە. کە ئیسلام ئایینی ڕەسمی دەوڵەتی عێراق بێت و سەرچاوەی بنەڕەتیی دارشتنی یاساکانیش بێت، ئیدی چۆن، عێراقییەکان کە هەموویان موسڵمان نین، لەبەردەم یاسادا، یەکسان دەبن؟ بە گوێرەی ئایینی ئیسلام، ژن لە زۆر بواردا یەکسان نییە بە پیاو، ئیدی چۆن ژن و پیاو، لەبەردەم یاسایەکدا، کە پشتی بە ئیسلام بەستبێت، یەکسان دەبن؟

بەوەدا بە گوێرەی ماددەی ٢٣ بازرگانیکردن بە سێکسەوە قەدەغەیە، دیارە سزاشی لەسەرە، وەلێ دەستوور ساغی نەکردووەتەوە، کێ سزا دەدرێت؟ دەلاڵ؟ سێکسکڕ یان سێکسفرۆش؟ یان هەر سێکیان؟ لە وڵاتێکی وەک سوێددا، دەلاڵ و سێکسکڕ سزا دەدرێن، بەڵام سێکسفرۆش چونکە وەک قوربانی سەرنج دەدرێت، سزا نایگرێتەوە.

ماددەی ٢٤ دەڵێت: (دەوڵەت ئازادیی بیروڕا دەربڕین، لەبەر ڕۆشنایی پێڕەوی گشتی و دابونەریتدا، دابین دەکات.) پێڕەوی گشتی و دابونەرتی دێرین، هەمیشە لە گەردن و لاقی ئازادییەکانی تاکدا، کۆت و پێوەند بوون. پێڕەوی گشتی و دابونەریتیش هەر لە شەریعەتەوە سەرچاوە دەگرن و هیچ دوور نییە، ئەوی لە سکەی پیرۆزی پێڕەوی گشتی و دابونەریت لا بدات، حسابی زەندیقی بۆ بکرێت.

(سوێند دەخۆم <خاک و ئاو و ئاسمان>ی عێراق بپارێزم.) بە پێی ئەو سوێندە، پەرلەمانتار بۆ ئەوەی بتوانێت، داکۆکی لە خاک و ئاو و ئاسمانی عێراق بکات، پێویستە هاوزەمان سەر بە هێزی پیادە، هێزی زەریایی و هێزی ئاسمانییش بێت! تاقە شتێک کە ئەز لەو دەستوورەدا، دڵم پێی خۆش بێت، ئەوەیە، لەسەر پارە و پوول و پاسپۆرت، بە کوردیش دەنووسرێت، وەلێ مەترسی ئەوەشم هەیە، بە کوردییەکی هێندە سەقەت بنووسرێت، کورد و زمانەکەی ببنە مایەی گاڵتەجاڕی. لە وڵاتێکدا کە بێ یاسا بێت و شارەکانی بێ حاکم بن، کە شیعە و سوننە دەیان زیندانی نهێنییان هەبێت، کە فرۆشتنی شەراب قەدەغە بێت و ژنان ناچار بکرێن، حیجاب بپۆشن، لە وڵاتی فەیلەقی بەدر و موقتەدای سەدر و کۆنەبەعسی و زەرقاویدا، ناهەقمە فشەم بە دەستوور بێت؟

2005. 08. 27

(١) واتا، بەڵێنی دابوو، عێراقی تازە، ناوی (کۆماری عێراقی فیدرال) بێت.

(٢) لاپەڕەکانی ١، ٢ و ٣ی ڕۆژنامەی خەبات، ٢٠٠٥/٨/٧

(٣) کەسێک نە بڕوای بە هەبوونی خودا و نە بڕوای بە هیچ ئایینێک هەبێت.

(٤) الحد للمرتد.